Iraq PSEA Network

SAYING NO TO SEXUAL MISCONDUCT

چەوسانەوە و دەست درێژی سێکسی لەلایان کارمەندی مرۆیی دژی یاسا و بنەمای سەرەکی مرۆییە و قەدەغەیە. چەوسانەوە و دەست درێژی سێکسی نەک تەنها زیان بەو کەسانە دەگەیەنێت کە لە ژێر پاراستنی ئێمەن بەڵکو ناسناوی ڕێکخراوە مرۆییەکان و پەرەپێدان دەخاتە مەترسیەوە. لە ساڵی ٢٠١٦، ڕێکخراوی مرۆیی لە عیراق هەستان بە پێکهێنانی تۆری پەیوەندی بۆ پاراستن لە چەوسانەوە و دەست درێژی سێکسی بۆ ئەوەی ڕێنمایی سکرتێری گشتی لەسەر ئەم بابەتە بهێنە دی و بەرپرسیاری بەرامبەر کەسانی ڕزگاربوو هەڵبگیرێت.

چەوسانەوە و دەست درێژی سێکسی چیە؟

چەوسانەوە: هەر هەوڵێک یاخود دەست پێشخەرییێک بۆ بەد بەکارهێنانی پلە بەرامبەر ئەو کەسانەی لە ژێر چاودێری کۆمسیاری پەنابەرانن لەسەر بنامای لاوازی، یاخود بەکارهێنانی پلە بۆ بەدەست هێنانی سێکس و بەخشینی پارە بەرامبەر سێکس.
دەستدرێژی سێکسی: کردنی یاخود هەرەشەکردنی جەستەیی بۆ بەدەست هێنانی سێکس لە شێوازی بە زۆر یاخود لە دۆخێکی نا یەکسان.

هەموو جۆرە کردەوەیێکی سێکسی لەگەڵ منداڵی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ ئەگەر بە ڕەزامەندی منداڵەکە بێت و لە یاسای ناوەخۆیی ڕێگا پێدرابێت هێشتا قەدەغەیە.

تۆری پەیوەندی بۆ پاراستن لە چەوسانەوە و دەست درێژی سێکسی لە عیراق

لە ساڵی ٢٠٢٠ ەوە، بەڕێوەدەچێت لەلایان کارمەندانی UNHCR و UNICEF. ئەندامانی تۆڕ پێکدێت لە ڕیکخەر و یارمەتی دەری ڕێکخەر و کارمەندانی نوێنەری ١٩ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، و 3 نوێنەری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی ناوەخۆییە نا حکوومیەکان لە عیراق.
کار دەکات وەک ڕێکخراوی یەکگرتوو بۆ ڕێکخستن و سەرپەرشتی کردنی پاراستن لە چەوسانەوە و دەست درێژی سێکسی، هەروەها بۆ ڕەوانەکردنی سکاڵاکان، داڕێژکردن و پێداچونەوە لەسەر سیاسەت و ڕێنامییەکان، ئەنجامدانی پلانی 2021 بۆ پاراستن لە چەوسانەوە ە دەست درێژی سێکسی کە داڕێژراوە لەلایان تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان UNCT.
هەروەها ڕێکخستنی خول و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بۆ ڕێگریگرتن لە مەترسی و کەمکردنەوەی کاردانەوەی توندوتیژی.

ڕێکخراوە نەتەوە یەکگرتووەکان سیاسەتی لێنەبووردن بەکاردەهێنن بەرامبەر چەوسانەوە و دەست درێژی سێکسی.
هەموو کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوبەشەکانی حاڵەتی گومانلێکراوی چەوسانەوە و دەست درێژی سێکسی ڕاپۆرت بکەن.
ڕاپۆرتکەر لە تۆڵەسەندەوە دەپارێزرێت.

دەستپێکرن و پڕۆسە کردن

لە نێو ٣٦ کاتژمێردا: ڕێکخەری تۆری پاراستن لە جەوسانەوە و دەست درێژی سێکسی سکاڵاکە هەنارد دەکات بۆ بەڕێوەبەری پەیوەندی دار لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان/ بەرزترین کارمەندی ڕێکخراوی هاوبەش.
دەستەی فەرمی ڕێکخراوی پەیوەندی دار پێداچوونەوە دەکات لە ڕێگای بەکارهێنانی سیستەمی فەرمی ناوەخۆیی ڕێکخراو و ئەنجام بە تۆری پەیوەندی پاراستن لە چەوسانەوە و دەست درێژی سێکسی دەگەیەنێت.
(بۆ زانیاری زیاتر، سەیری بنەمای پەیوەری کارکردنی ڕێکخراوی ناوەخۆیی لە عیراق بکە بۆ تۆمارکردنی سکاڵای دەست درێژی).

چۆن سکاڵا تۆمار دەکرێت

ڕزگاربوو یاخود نوێنەری ڕزگاربوو دەتوانێت سکاڵا تۆماربکات لە ڕێگای ڕێکخراوی ناوەخۆیی، هەروەها/یاخود:

- **ناونیشانی تەلێکترۆنی باوەڕ پێکراوی تۆری پاراستن لە چەوسانەوە و دەست درێژی سێکسی:** Iraq-psea@un.org
- **سەنتەری زانیاری عیراق (IIC): لە ڕێگای هێلی بێ بەرامبەری** 80069999
- ڕێگاکانی تری سکاڵا کردن و پێداچوونەوە.

ئەگەر لە توانا دا بوو،پێویستە فۆرمی ناردنی سکاڵای تۆری پاراستن لە چەوسانەوە و دەست درێژی سێکسی بەکار بهێنرێت.

یارمەتی دانی ڕزگاربووان

یارمەتی دانی ڕزگاربوو پەیوەندی بە جۆری سکاڵا و ئەنجامی بەدواداچوون نیە.
گشت ڕزگاربوان مافی وەرگرتنی یارمەتی نهێنی و پاراستن هەیە، هەروەها دەبێت ڕەوانەی خزمەتگووزاری توندو تیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز و پاراستنی منداڵان بکرێن بە ڕەزامەندی خۆیان.

بۆ زانیاری زیاتر، پەیوەندی بکە بە ڕێکخەری تۆری پاراستن لە جەوسانەوە و دەست درێژی سێکسی ماریون لیزور Marion Lesueur (lesueur@unhcr.org)
وڤیداستو Vedasto Nsanzugwanko (vnsanzugwanko@unicef.org)

جەخت کردنەوە لە پاراستنی نهێنی

پاراستنی نهێنی زۆر گرنگە، بۆ نموونە دانانی وشەی نهێنی لەسەر فایل و فۆرمەکان و بڵاوکردنەوەی سنووردار.

- بەر لە تۆمارکردنی سکاڵا، کەسی سکاڵاکەر ئاگادار بکە لەسەر گرنگی و ئیجباری ڕاپۆرتکردن و سیاسەتی پاراستنی نهێنی.
- پێویستە و ئەرکی گشت کارمەندانی مرۆیی/پەرەپێدانە ڕاپورت بکەن، ئەگەر هاتوو ڕزگارکەر بیەوێت ناوی نەبێت یاخود سکاڵای فەرمی تۆمارنەکات پێویستە کارمەند سکاڵای بی ئاماژەکردنی ناوی ڕزگارکەر ڕاپۆرت بکات.